# ڕوداوی قەزای شێخان، بێئاگاداری پارتی نەبووەو پارتیش لێی بەرپرسیارە

ڕۆژی 17 ئەم مانگە، قەزای شێخان بووە شوێنی هێرشێکی ناڕەوا بۆ سەر یەزیدیەکانی ئەم شارە، کە لەئاکامدا ژنێك گیانی لەدەستداو ژمارەیەکیش بریندار بوون وژمارەیەك سەیارەو خانوبەرەو ملْك گڕدران.
بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ بەر لە هێرشەکە مەلای چەند مزگەوتێك بانگەوازی خەڵکی یەزیدیان کردووە کە ببنە موسوڵمان و واز مەزهەبی خۆیان بهێنن، ئەوە بەجیا لەوەی کە هەمیشە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە گوشاریان بۆ خەڵکی یەزیدی هێناوەو هەوڵیان داوە دیمۆگرافیای شارەکە بشێوێنن.
ئەمانە هەموو نیشانی ئەدەن کە ئەم هێرشە ناڕەوایە بۆ سەر یەزیدیانی ناوچەی شێخان، ڕوداوێکی لەناکاو بیٚ پێشینە وکاری فەردی چەند کەسێکی یاخی نەبووە، وە ڕوداوێك نییە لە تاریکیدا شەودا و ڕویدابێت بەرپرسانی پارتی ئاگاداری نەبووبن، بە پێچەوانەوە ئەم هێرشە بەرفراوانە کە خەڵکی تیا کوژراوەو چەند کەس بریندار بوون و دەیان ماڵ و سەیارە سوتێنراون، بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەو ناوچەیە باڵادەستە ئاگاداربووە، بەتایبەتیش کە هەموو کەسێك ئەوە دەزانیت کە دەزگای ئاسایش و بەتایبەتیش پاراستنی پارتی لە هەموو شوێنێك ئەوەندە تۆڕی چاودێری و زانیاری کۆکردنەوەی هەیە، کە دەزانێت و ئاگاداری هەر جموجۆلێکە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسیاری سەرەکی ڕوداوەکەیە و نابێت ڕێگە بدرێت شانی خۆی لەو ڕووداوە خاڵی بکاتەوە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت.
ئێمە لە کاتێکدا ئیدانەی ئەم ڕەفتارە دزێوە دەکەین و پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرپرس لەکوژرانی و بریندار بونی ئەم خەڵکەو زەرەروزیانێك کە بەر خەڵکی یەزیدی کەوتووە دەزانین. هاوکات پارتی بەبەرپرس دەزانین بۆ قەرەبوکردنەوەیان، و تەسلیمکردنی تاوانباران بە دادگاو لێپێچینەوەی یاسایی و ئاشکرایان.
وە پارتی و هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان دەبیٚ ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی و دینی و مەزهەبی، بەڕەسمی بناسن، هەموو کەس ئازادە هەر دینێکی هەبێت یان بێدین بێت. دەبیٚ مافی هەموانیش لەهەموو بارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایەوە زەمانەتکراوبێت، و لێپرسینەوە بکرێت لەوانەی کە مافی مەزهەبی جیاواز یان بێدینی لە ژێر ناوی بەرگری لە مەزهەبی ڕەسمیدا، پێشێل دەکەن.
دەبیٚ دین بەتەواوەتی لەحکومەتوپەروەردەوخویندن یاساو...جیابکریتەوەو ببیتە کاری فەردی ئینسانەکان.

**کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

**2007-2-22**